# جگەرە و ڕۆمانسییەت  لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا


فازیل شەوڕۆ
وەزارەتی پەروەردە
پەروەردەی کۆیە
دواناوەندی چرۆی نموونەیی

د.هاوژین صلیوە عیسا
زانکۆی کۆیە
فاکەڵتی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی



پێشەکی:

جگەرە هاوڕێی هەمیشەی شێرکۆ بێکەس بوو کە ڕۆژانە چوار بۆ پێنج پاکەتی دەکێشا، بۆیە لەشیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام ئێمە ئەو شیعرانمان هەڵبژاردووە کە باس لەسروشت و ئافرەت دەکەن و دێنەوە نێو بواری ڕۆمانسییەت.هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش بۆئەوە بوو کە پێشتر توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجام نەدراوە. بە کۆمپیەتەر نەکردنی کۆ بەرهەمی ئەم شاعیرە و نەبوونی(e - book)، بەڕاستی گرفتێکی گەورەیە لە بەردەم ڕەخنەگر و لێکۆڵەری شیعرەکانی ئەودا، چونکە تەنیا ڕووماڵکردنی وردیی کۆ بەرهەمەکەی کاتێکی زۆری ویست. توێژینەوەکەش لەسێ تەوەرە پێکهاتووە:

تەوەرەی یەکەم: پێناسەو چەمکی ڕۆمانسییەت.تەوەرەی دووەم:جگەرەو ڕۆمانسییەت: شەن وکەوی ئەو شیعرانە دەکات کە شاعیر لەڕێی جگەرەو پێکهاتەکانییەوە ساتە وەختە ناسکەکانی دڵداری و سۆزی خۆشەویستی و ژوانگە تۆماردەکات.تەوەرەی سێیەم: جگەرەو سروشت: ڕاڤەی ئەم نموونە شیعریانەیە، کە جگەرەو پێکهاتەکانی بە تەم و هەورو هێل داپۆشراون، یاخود وەزیفەی خەم و جگەرە کێشان بەشاخ و داخەکان سپێردراوە و جگەرە ئاوێتەی پێکهاتەکانی سروشت کراوە.


## ١-پێناسەو چەمکی ڕۆمانسییەت:

لەگەڵ لە دایك بوونی زاراوەی (ڕۆمانسی Romance) و ( هونەری ڕۆمانیك Romanticism)، لە سەردەمی بزووتنەوەی (ژیانەوە Renaissance) لە ڕۆژئاوادا، لێشاوێك گۆڕانکاری مەزن و بەرچاو هەموو کایە و بوارەکانی ئەدەب و ژیانی دایە پێش خۆی. ئەو تەوژمە تازەییەی ئەو کات، ئەدەبی نوێ و مۆسیقای نوێ و کلتووری نوێی هێنایە کایەوە، کە پێشتر هێندە بەرچاو نەبوون و گرنگیان پێنەدرا بوو. ڕۆمانسییەت هەر ئەدەبی ڕۆمانسی دانەهێنا، ئەوان گوتیان: کۆت و پێوەندەکانی کلاسیك سەرجەم شتەکانی چەقبەستوو کردووە، کە دەبێ گۆڕانکاری لە ڕۆشنبیریی نەتەوە و ئەدەب و کلتووردا بکرێت. ئەوا پێیان وابوو بلیمەتیی مرۆڤ هێندە بێ سنوور و والایە، کە دەتوانێ لەودیویی ئەقڵەوە کاری خۆی بکات، بەوەی کە بابەتەکان بە ڕۆحی مرۆیی ئاوبدرێنەوە و سۆز و عاتیفە بە خەیاڵی پاك و ویژدانی جوانەوە جۆشبدرێننەوە سروشت جوانی خۆی پێبدرێتەوە و تاکەکان بە ئازادی ڕەها دابڕێژرێنەوە یان خەلق بکرێنەوە. ئا لێرەوە داهێنانی ڕۆمانسیی سەری هەڵداو هەموو داب و دەستوورەکانی کۆنی ڕەتکردەوە. تەنانەت هونەرمەندی

ڕۆمانسی ( کاسبەر دێیڤد فریدریش) گوتی:(( هەست و سۆزی هونەرمەند، خۆیان یاسا و دەستوری ئەون.))[1] لە سەدەی بیستەمدا، بزووتنەوی ڕۆمانسییەت کوتەدایەکی بەسەردا کرا، نەوەی نوێ پێیان وابوو کە، سۆز و خەیاڵ، هەموو شتێکی پێناکرێ، چونکە مەحاڵە ڕۆڵی (ئەقڵ) ی مرۆڤـ وەلاوە بنرێت و لە هەمانگاتیشدا ناکرێ ڕۆمانسییەت لە بوونی مرۆڤـ و سروشتدا بسڕێتەوە، بۆیە ڕۆمانسییەتی هاوچەرخ یان (نوێ) هاتە کایەوە، کە پووختەی فەلسەفەکەی ئەوەیە: دۆزینەوەی پێوەند و ڕایەڵەکان لە نێوان سۆزی خۆرسکی و ئیرادەی بەئاگا و هۆشمەندیی لە دەقدا. لەم هەوڵەشدا ( بوونی مرۆڤـ و خەمەکانی) ماددەی سەرەکی پێکهاتەی ئەو جۆرە دەقەن.[2] لێکۆڵینەوە لە جیهانبینی ڕۆمانسییەت لە شیعری (شێرکۆ بێکەس)دا، فەزایەکی هێندە فراوان و فرە پێکهاتە و ڕەهەندە، کە ناونیشانی بابەتی سەربەخۆ هەڵدەگرێ. ئەوەی کە مەبەستە و خۆشە پەیامگر، زانیارییەکی لەسەر هەبێ، لەم ڕووەوە، ئەوەیە کە دەکرێ ڕۆمانسییەت لە شیعری (شێرکۆ بێکەس)دا لە دوو فۆڕمی ئەدەبیدا پۆلین بکرێت، هەر هۆبەیەکیش خەسڵەت و توخم و سیمای تایبەت بەخۆیان و وێکچوونیان هەیە.

سروشتـڕەنگ: کە خەیاڵ پتر لە دەوری ئەو دەنگ و ڕەنگە سروشتییانە ئالأوە کە هەست و سۆزیی خوداوەندی، بە ڕۆح و دڵەکان دەبەخشن. لێرەشدا، پەیامگری بە سەلیقە، (٣) فۆرملەی ئاوێتەکراو لە ناو یەکتریدا، دەدۆزێتەوە:

**یەکیان**، تێکەڵکردن و ئاوێتە کردنی سروشتە لە ڕۆمانسییەتە خود سۆزییەکە، بە شێوەیەك کە سروشت بۆتە سێبەر و پێکهاتەی. **دووەم**. جۆری دووەمیان، سروشت دایکی ڕۆمانسییەتەکەیە و (خود) دەبێتە کۆرپەلەی باوەشی ئەم دایکە. هەرچی جۆری **سێیەمە**، هەردووکیان هێندە دەقئاوێزانی یەکتر و ئاوێتە بە یەکترین، نازانێت کامیان ڕۆمانسییەتە و کامیان سروشتڕەنگەکەیە. لە هەر (٣) بونیاتەکەشدا ( خەم و خەونی مرۆڤـ) کۆڵەکەی سەرەکی ڕومانسییەتەکانە. ڕۆمانسییەت بابەتێکی پەل و پۆدارە، سروشت، ڕەشبینی، خەیاڵ، ئافرەت و دڵداری...تاد، لەخۆدەگرێ، بەڵام ئەو بابەتەی ئێمە تێیدا قوڵ بوینیتەوە و کارمان لەسەر کردوە، زیاتر ئەم شوێنانە دەگرێتەوە کە ساتەوەختەکانی دڵداری و جوانی ئافرەت لەکەش و هەوایەکی سیحراوی وێناکراوە.

ئافرەت و سروشت دوو بنەمای سەرەکی ڕۆمانسین ئێمەش لەم دوو ڕوانگەیەوە لێکدانەوە بۆ ئەم شیعرانە دەکەین کە شاعیر لەڕێگەی جگەرەو پێکهاتەکانییەوە تەوزیفی کردوون:

**٢-ڕەنگدانەوەی ئافرەت لەدەقە شیعرەکاندا:**

لە دەقێکدا، کە هەر بە وشەی (ڕۆمانسییانە) دەست پێدەکات، شاعیر هێندە وەستایانە ڕۆمانسییەتی (خودسۆزیی) تێکەڵ بە ڕۆمانسییەتی (سروشتڕەنگ) کردووە، کە بوونەتە دوو ڕوخسار: یەکیان حەقیقییە و ئەوی تر تیشکدانەوەی ئەو ڕوخسارە حەقیقییەیە لە ناو ئاوێنەدا دەبریسکێتەوە. تێك هەڵکێشێکن هەم لە زەمەن و هەم لە مەکانیشدایە، ئەوا جگە لە ڕووداو و بیرۆکەی دەقەکە:

---

[1] ) سەرچاوەی پێشوو.

[2] ) سەرچاوەی پێشوو.

(ڕۆمانسییانە)
شـەوێکی تر بە جووتە
لەکەناری گۆمیلکەیەك دانیشتبووین
تاڵەدەرزی، تیشکی گڵۆپ، سـەوزو سـوور
بە ئەسـپایی، لەرەیان دێ، لە ئاودا
ئێمە و مێزیش، هەڵگەڕاو، سـەرەوخوار
ئەجووڵێین و ناکەوین و
ڕی ڕێ دیارین، لە ئاودا.
بەناو قژیا، وردە ماسـی دێن و دەچن
لەوان وایە گژوگیایە و
لەسـێبەریا ون ئەبن!
گوارەی شـۆڕت، جۆلانەی بچووکن
لەناو گۆمدا و، گەڵای وەریو
ناوبەناو سـواریان ئەبن.
لەگەڵ مژدا، جگـەرەکەم تروسـکەی
لەئاودایـە و ناکوژێتەوە ئاگرەکەی
لە پڕێکدا مێرد منداڵێ لەلاوە
لەتە سـێوێك فڕێئەداتە خوارێ و
گۆم ئەشلەقێ و مێزمان ئەشکێ و شـتەکان
پەرت پەرت ئەبن و بۆخۆشـمان
بەیەکەوە نوقوم ئەبین لە ئاودا![٢]

ڕوخسارە حەقیقییەکە دانیشتنێکی شاعیر و دولبەرەکەیتی لە کەنار گۆماوێکدا و ڕوخسارە ناحەقیقییەکەش ئەو وێنانەی خۆیانە کە لە ناو ئاوەکەدا سەرەوخوار دەبیینن. با لە پێشدا وێنە هونەری و دیمەنە تێکئاڵاوەکانتان بۆ دەست نیشان بکەین: تووخمەکانی سروشتڕەنگ: (شەو/ کەناری گۆم / لەرەلەری تەڵەدەرزی تیشکی گڵۆپ لە ئاودا / هاتوو چۆی وردە ماسیی / جۆلانەی ناو گۆم / گەڵای وەریو/ شڵەقانی گۆم / نوقوم بوون لە ئاو).

تووخمەکانی خودسۆزیی: (دانیشتن بە جووتە / ئێمە و مێز / ئەجولێین و ناکەوین/ بە ناو قژیا / گوارەی شۆرت / تروسکەی جگەرەکەم / مێزمان ئەشکێ و شتەکان پەرت پەرت ئەبن / نقووم بوون بەیەکەوە)

ئەوەی کە سەرنج ڕاکێشەرە، کە لەم دانیشتنە و دیمەنەدا شاعیر نەك هەر جگەرەی نێو پەنجەکەی لە یاد نەکردووە، بەڵکو هێندە وەستایانە و هونەرمەندانە تەوزیفی کردووە کە، وەك تاجینە گوڵی سەر سەری دەقەکە دێتە بەرچاو:

[٢] ) دیوانی شێرکۆ بێکەس، ب ٧، ل ٣٧ - ٣٨.

لەگەڵ مژدا، جگەرەکەم تروسکەی

لەئاودایە و ناکوژێتە وە ئاگرەکەی[٤]

دەقنووس هەر مەبەستی ئەوەیە، کە چۆن لە  ئاوێنەی ئاوی کەنار گۆمەکە، سەرە سوورە سووتاوەکەی جگەرەکەی  بریسکە بریسکی دێ و هەرچەندە لەناو ئاویشدایە، ناکوژێتەوە، بەڵام چونکە وشە لە دەقی شیعردا، کۆتی نێو پەڕەی فەرهەنگ تێکدەشکێنێ، دەکرێ وەکو ڕەمز ئەم هێمایانە شیبکەینەوە: جگەرە ڕەمزی ڕۆمانسییەتییەکەیە، بڕوانن چۆن لەم دانیشتنەدا مژی لێدەدا، مژ لە جگەرەدان، بە گوێرەی کەش و هەوای مەجلیس و ڕووداو مانا و دەلالەتی خۆی هەیە، جا نەکوژانەوەی ئاگری جگەرەکە، لە ناو ئاوەکەدا، هەم ئەو ئیحایەمان دەداتێ کە گڕ وبڵێسەی ئەو هەرگیز کوژانەوەی نییە و وەك  گڕوبڵێسەی دەروونی (فائیق بێکەس)ی باوکیەتی کە، ( **هەزار ساڵ ئاوی پڕژێنیتە سەر، قەد گڕو گڵپە و بڵێسەی تا ئەبەد نەکوژێتەوە)**[٥]. جوانیی ڕۆمانسییەتەکەی ئەو دەقە لەوە دایە، کە دوو عاشق لە مانگە شەوێکی خۆشدا، لە گازینۆیەکی کەنار کومێکدا دانیشتوون و ئەوان بوون بە دوو شاعیر و دوو دڵدار، چونکە لە ئاوێنەی ئاوەکەدا یەکتر دەبینین. خەیاڵ، کە چەترێکی گەورە و بڵندی  ڕۆمانسییەتە، هەموو دیمەنەکانی داپۆشیوە. شاعیر جوانی دولبەرەکەی لە  لەگەڵ تیشکی زەرد و سووری گڵۆپەکانی ناو ئاو دەبینێ و وردە ماسی لە ناو قژیدا یاری دەکەن و گەڵای وەریوی سواری جۆلانەی گوارەکانی دەبن و  خۆشیان سەرەوخوار و هەڵگەڕاو لە ناو ئاوەکە دەجوڵێنەوە. ئەوە ماسین لەژێرا لەناو سێبەری قژی لەئاوێنەکەدا دەردەکەون، دەشێ ئەوە وردە ماسیی نەبن لەناو پرچی کچەکە دێن و دەچن، پەنجەی شاعیرە، ئەو گەڵای وەریو نین سواری جۆلانەی گوارەکانی دەبن، ئەوە شاعیرە حەزدەکا بناگوێی ئەو خاتوونە جوانە ماچ بکات. شڵەقانی گوم و مێزەکەشیان و پەرتبوونیان و دواتر نقوم بوونیان لە ئاوەکەدا، شڵەقانی دڵ و پەرت بوونی خەون و خەیاڵەکەیان و نوغرۆ بوونی خۆیانە لە نێو دەریایی ئەو عیشقە ڕۆمانسییەدا. (ماریلن مۆنرۆ Marilyn Monore) دەڵێ:(( دڵداری ڕاستەقینە کەسێکە یان بە ماچێکی نێوچەوان یان زەردەخەنەیەکی سەر لێو شێت و شەیدات دەکا... یان ئەوەتا هەر دوو چاوەکانی هەمیشە لە ئاسماندا دەبڕێ.))[٦] بڕوانن، (شێرکۆ بێکەس) لێرەدا چۆن هەر دوو چاوەکانی بە درێژایی دانیشتنەکە لە وێنەکانی نێو گۆماوەکە بڕیووە. واتا ئاسمانەکە بۆتە گۆماوەکە.

هەرچەندە شاعیر بۆخۆی  وشەی ( ڕۆمانسییانە) دەکاتە دەستپێکی دەقەکە، دەکرێ ئێمە بە خۆشەویستیی ئەفلاتوونی ناوی ببەین، چونکە گەرم و گوڕی عیشق و ئەڤینەکەیان دوورە لە سێکس و تابۆییەکان،  بۆیە شاعیر پەنجەی خۆی لە جوولەی وردە ماسییەکاندا دەبینێ و لێوی تەڕی لە دیمەنی ئەو گەڵا وەریووانە دەدۆزێتەوە، کە سواری جۆلانەی گوارەی ناو ئاوەکە بوون. هەر چەندە خۆشەویستیی ڕۆمانسیی پڕە لە ماچ و مورچ و بۆنکردن و دەستبازیی!  (ڤۆلتێر Voltaire) دەربارەی خۆشەویستی و سروشت و شیعر، لە وتەیەکی دەقاو دەق بۆ چوارچێوەی ئەو شیعرەی شێرکۆ بێکەس داڕشتراوە، کە دەڵێ:(( خۆشەویستی کەڤاڵێکە، سروشت چنیوویەتەوە و خەیاڵ نەخشاندویەتی.))[٧]

---

[٤] ) سەرچاوەی پێشوو.

[٥] )  ئاماژەیە بۆ : شیعرەکەی (بێکەس): ئەی وەتەن مەفتوو تۆم و...

[٦] ) https://ar.wikipedia.org/wiki/romance quotes.

[٧] )https://ar.wikipedia.org/wiki/romance quotes. (کەڤاڵ: تابلۆی ڕوونیی، سەر قوماشی کاڤان )

لەدەقێكی شیعری تردا كە لەژێر ناونیشانی (تابلۆیەك لە تاریكیدا) نووسراوە:

جگەرەكەت بەلێوەوە و
لە تار یكیدا
چەرخەكەت بۆپێ ئەكەم
ڕووناكییەكی شەرمنۆك
لەگەڵ سێبەری پەنجەما
ئەكەوێتە سەر ڕوومەتت
لەگەڵ مژێكی خێرادا
ئاگری ئاڵی جگەرەكە
بریسكەیەك ئەدا لەچاو
دووكەڵێكی شیریی باریك
وەك ئەلقەیەك
ئەكەوێتە ناو قژتەوە
لەوساتەدا وا هەست دەكەم
تۆ شیعریت و
ژیان دووكەڵی ناو قژت و
منیش ئاگری جگەرەكەم![8]

لە پەنجەرەی دەقێكی دیكەی ڕۆمانسییانەی (شێركۆ بێكەس)دا، نەك هەر زینگە ورووژێنەرەكی ساتەوەختی ژووان و دەستلەملانی و ڕامووسان دەبینین، بەڵكو لە داگیرساندنی جگەرەیەك بە لێوی دڵدارەكەیەوە، هەموو نهێنییەكانی دنیای شیعر و ڕاز و لوغزەكانی ژیان و ماهییەت وكەسێتی شاعیر، پەردەی ڕەشیان لەسەر لادەچێ و ڕووە حەقیقییەكەی ئەو سێ چەمكە ئالۆزە بە جوانی دەبینین. زەمەنێكی كورتی چەند چركەیی (زەمەنی داگیرسانی جگەرەیەك) درێژترین مەسافەی ژیان و بوون بۆ شێركۆ بێكەس كورت دەكاتەوە. ئەدی ئەوە نییە (هێرمان هیسڵ Herman Hesle) دەڵێ:(( ئەگەر ڕۆژێك زانیم خۆشەویستی چییە، ئەوە بەسایەی تۆوەیە.))[9] هەر ئەم دەقە، قورسایی و سەنگیی (شوێن)، لە كاركردنە سەر هەستەوەرەكانی مرۆڤ بەرز ڕادەگرێ، چونكە تا شاعیر لەم شوێنەدا بە خۆشەویستەكەی نەگەیشت،( شەوقدانەوەی بڵێسەی چەرخەكەی دەستی لەسەر كۆڵمی یار) ئەو بیرۆكەی بە خەیاڵدا نەهات، كە ئەو هەموو شتەی كە ئێستا ئەو بە شەش هەستەوەرەكەی هەستی پێبدەكات، لە سایەی ئەم شوێنەیە، بۆیە شاعیر و درامانووسی جیهانی (شەیكسپیر Shakespear) دەڵێ:((دونیا ئەو شوێنەیە كە تۆی لێیە، شوێنێك تۆی لێنەبێ وێرانەیە.))[10] ئەم دەقە، دەقێكی جگەرە ئامێزە بە ئیمتیاز:

[8] ) دیوانی شێركۆ بێكەس، ب ٧، ل ٣٩٧.

[9]( https://ar.wikipedia.org/wiki/romance

[10] ) سەرچاوەی پێشوو.

١) دەقەکە سیخناخە بە وشەی ڕۆمانسیی هەست ورووژێنەری: ( تاریکی، لێو، ڕووناکییەکی شەرمنۆك، پەنجە، ڕوومەت، چاو، ئاڵ، مژێکی خێرا، بریسکە، قژت، وا هەست ئەکەم، ناو قژت).

٢) کەش و هەوای ژووانەکە ڕۆمانسییانە خۆی نیشاندەدا و ئیحای ئەوەت دەداتێ کە ئەو دوو دڵدارە بە دەست بەستراوی بەرانبەر یەکتری دانەنیشتوون.شوێنەکەیان تاریکە و کورد دەڵێ (شەو قەڵای مێردانە!).نزیك بوونەوەی پەنجەی شاعیر لە کوڵم و لێوی دولبەرەکەی، لە کاتی داگیرساندنی جگەرەکەی ئەو. ڕەنگی (ئاڵ)ی بۆ ئاگری جگەرەکە نیشانداوە، وەك ڕەنگدانەوەی ئاڵیی لێوی کچەکە. ڕەنگی (شیریی) بۆ دوکەڵی  جگەرەکە هەڵبژاردووە، وەك ڕەنگدانەوەی ڕەنگی پێستە شیرییەکەی  ڕوومەتی کچەکە.

٣) پێدەچێ کە ئەو کچە یان عاشقێکی سووتاوی نێو تەندووری ئەڤینەوە هەمیشە خەمبارە و جگەرەی بە لێوەوەیە و کراوە و سێکۆلارە و لە جیهانی شاعیر نزیکە،  یان کەسێکی بیانییە و جگەرەکێشە!

٤) دەقەکە دەچێتەوە سەر قوتابخانەی ( ڕۆمانسیی هاوچەرخ یان نوێ) کە (بەهاکانی خەون و خەمەکانی مرۆڤــ) لەم جۆرە دەقەدا بایەخی خۆیان هەیە و شاعیر لەو دیووی دەقەکە پەیامی خۆی هەیە. لێرەدا، هونەرکارییەکەی بەم شێوەیە:

تــۆ ←—— شیعر ( لە جوانی و سەنگینی و بایەخدا)

ژیـان ←—— دووکەڵی ناو قژی کچەکە ( لە ئاڵۆزی و بەرجەستەنەکردن و تەمەن کورتیدا)

شاعیر ←—— ئاگری جگەرە (سووتانی بەردەوام، خۆ کوشتن بە خەمەکان،  ئاڵوودە بوون بە نامۆیی و ڕۆمانسییەت)

لە جێی خۆیەتی، ئەم حاڵەتەش ڕوون بکەینەوە: مرۆڤــ ( کوڕ یان کچ) کائینێکی نا کامڵە لە بەرانبەر ئەم گەردوونەدا، بەڵام خۆشەویستی شتە ناکامڵەکان لەبەر چاو و لەبەر دڵ کامڵ دەکات. لەم دەقەش ئەمە دەبینرێت، ئەگینا بۆ  شاعیر لە شەوقی ڕوومەتی کچۆڵەیەکدا، سێ هەسارەی ( شیعر و ژیان و خود)  دەبینێت و هەموو شتەکان دەخاتە لاتایی تەرازوویێك و کچەکەش دەخاتە لاتایەکەی دیکە. ( سام کین Sam Keen  ) دەڵێ:(( گیرۆدە بوون بە خۆشەویستیی، لەو ساتەدا نییە کە بە کەسێکی کامڵ دەگەیت و ئاشنا دەبی، بەڵکو لەو ساتەوەختە دایە کە ناکامڵەکانت بە کامڵ و تەوواو دێتە بەر چاو.))[١١] کەواتە شاعیر لە هەوارێکی پڕ خۆشەویستی ئەم دەقەی هۆنیوەتەوە!چونکە پیشەی (شێرکۆ بێکەس) لە ئەدەبدا شیعرسازییە، لە ئەزموونی کەڵەکەبووی دووردرێژی تەمەنی  ئەدەبیی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی خۆیدا، فێرە فەن و فنوونی هێندە ورد و بەدیقەت و سەرنجڕاکێش بووە، کە بتوانێ لە (دەنکە زیخێکی بەجێماوی ناو گیرفانی یان لە داچڵەکینی چڵەدارێك یان لە زیکەزیکی دەرگای تەنەکەی کۆڵیتێك،) جوانترین وێنەی هونەری دابڕێژێت و سەرسامان بکات. هەر پەیوەست بە  جیهانبینی جگەرە لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، دەقی ئەوتۆ دەخوێنیتەوە کە لە وردترین و بێ نرخترین شت، بەرهەمی گەوهەرداری سازکردووە، وەك سووتووی جگەرە. نووسەری بە توانا (هێلین کیلەر Hellen Keller) دەڵێ:(( جوانترین و بەنرخترین شتەکانی دنیا، نە بە چاو دەبینرێن، نە بە گوێ دەبیسترێن،

---

[١١] ) https://ar.wikipedia.org/wiki/romance

بەڵکو بە دڵ هەستیان پێدەکرێت.))[١٢] جا شێرکۆ بێکەس ئەم بیرۆکەیەی لە دەقێکی ناسك و نازدار دا بە زمانی شیعر بەرجەستە کردووە و دەقەکەش دەچێتە خانەی ڕۆمانسییەتی خودسۆزییەوە، سەرتاپای باڵای دەقەکەی لە خۆیدا ئاڵاندوە.

ڕەنگ بێ لەبەر چاوی کەسێکی پیادە ڕێ، کە شێرکۆ بێکەس ببینێ، وا هەست بکات، ئەو تەنیا مرۆڤێکە بەرانبەر باوەشێك کتێب و چەند تەپڵەکە جگەرەیەك دانیشتووە! بەڵام شاعیر لە سووتووی نێو ئەو تەپڵەکە جگەرانەدا، ژیاننامە و بیرەوەری و یاداشتی یەکجار پڕ سفت و سۆی شاردۆتەوە. ئەو بە تەنیا بە شیعر خەمەکانی تۆمار ناکات، بەڵکو لە تەندووری ناخی خۆیدا ئەو سووتووە جگەرانە دادەتەکێنێ، کە گەردیلە گەردیلە بە ژان و حەسرەت و مەراق و نیگەرانییەوە بارگاوی کراون! کەم شاعیر هەیە گوزارە لە سووتانی خۆی نەکات، بەڵام شێرکۆ بێکەس لە کۆبەرهەمەکەیدا، زۆر بەدەگمەن دەیبینین خۆی لە شیعرەکانی جیا بکاتەوە، بۆیە لە سووتانیشدا دەبێ ( شاعیر و شیعر) پێکەوە قرچەقرچیان بێ.

ئەم دەقە پڕ ڕۆمانسییەتە شەفانە، کە نە لێڵی تێدایە و نە وشەی قورس، وەك سلایدێکی (Slide) بچووکی ژیانی شاعیر، تەنیا ئەوکاتە وردەکارییەکانی دەبینی، کە دەیخەیتە ژێر هاوێنەی (Lense) مایکرۆسکۆبەوە. چونکە چاوی ئاسایی نایبینێ و مایکرۆسۆبەکەش (پەیامگری ڕۆشنبیری بە سەلیقە و ورد بینە). لەدەقێکی تردا کە لە ژێر ناونیشانی(سووتوو) واهاتووە:

تـۆ نایبینی
ئەوە بەتەنیا سـووتوو نین
جگەرەکەم ئەیانخاتە
سـەر تەپڵەکەکەی بەردەمم
ئەوە تێکەڵەی سـووتانی
خۆم و شـیعرە، وەختێ خـەمم
ئەبێ بە دووکەڵ و پەنجەرەش
بە (ژن)ی زەرد هەڵگەڕاوی وڵاتـەکەم![١٣]

بڕوانە چۆن شاعیر دەقەکە دەکاتە بەشێك لە بوونی خۆی، بە بەکارهێنانی ئەم قامتە وشەیە:(جگەرەکەم، تەپڵەکەکەی بەردەمم، خۆم، خەمم، وڵاتەکەم). دیمەنە ڕۆمانسییەکەی تابلۆکەش بریتییە لە: (تەنیایی، خۆخواردنەوەی شاعیر، بەردەوام سووتوو بارانکردنی تەپڵەکەکانی بەردەمی، سووتانی خۆی و شیعرەکانی بە خەم، دوکەڵ، ژنە بێکەس و بێ نەوا و نەخۆش و ڕەنگ زەردەکانی وڵاتەکەی.) لە ڕووی هارمۆنی مۆزیك و ئاوازەوە، دەنگێکی زۆر حەزین دێتە بەرگوێ، بە تایبەتی لە دەنگدانەوەی ئیقاعی ئەم دێڕانە:

**سـەر تەپڵەکەکەی بەردەمم / خۆم و شیعرە وەختێ خەمم / بە (ژن)ی زەرد هەڵگەڕاوی وڵاتەکەم!**

ئـەم دەقـەش دەچـێتە نێـو چوارچـێوەی یەکەیـەکی سـەربەخۆی جیـانی جگـەرە، کـە ئـەمانـە کـەرەسـتەکەیەتی (سـووتوو / جگـەرە/ تـەپڵەکە/ سـووتان / دووکەڵ ). ئەمەیش لاتایەکانی تـەرازووی هاوکێشـەکەن، کـە شـاعیر

[١٢] ) http://www.goodreads.com/quotes/tag/romance (

[١٣] ) دیوانی شێرکۆ بێکەس، ب ٨، ل ٣١٧.

تۆزقاڵە زەڕڕەیەك غەشی تێدا نەکردووە( بەڵگە ژیاننامەی شاعیر و بەرهەمەکەیەتی)تەنیایی هەر تەنیاییە، لەوەتی مرۆڤـ و تەنیایی دەستلەملانێی یەکترین، بەڵام بەقەد ژمارەی مرۆڤەکانیش، جۆرەکانی تەنیایی بوونی هەیە لە ڕەنگ و دەنگ و خۆنواندندا، بۆیە مەحاڵە تەنیایی دوو کەس کتومت وەك یەکتری بن، هۆکارەکەشی بارە دەروونیی و پەروەردەیی و ژینگەیی تاکەکانی کۆمەڵگایە. زۆر ئاساییە کە لە نێو قەڵەباڵغترین ئاپۆرەی خەڵکدا و لە بە جۆش و خرۆشترین ئاهەنگ و سەمادا، مرۆڤـ هەست بە تەنیاییەکی کوشندە بکات.

ئاساییە کە لە فەرهەنگی بەرهەم و ژیانی هەمان تاکە کەسدا، چەندین پێناسە تەنیایی بخوێنیتەوە، ئا لەم برگەیەدا، کە تایبەتە بە ( جگەرە و ڕۆمانسییەت)، بە تەنیاییەکی یەکجار قەڵەباڵغ و جەنجاڵ و سەر بە ئیش وکار ئاشنا دەبین. جا یەکێك لە کارەکتەرەکانی ئەو تەنیاییە ـ کە ڕۆڵی بەرچاوی لە جوانکردنی دیمەنەکانی شانۆی تەنیاییدا هەیە ـ جگەرەیە، بە ڕەنگ و ڕوخساری خۆی و لێوەکانەوە. وەلاوەنانی کارەکتەری جگەرە، لەم دیمەندا، هاوسەنگی جوانیی و واتایی دەقەکە تەواو لەنگ دەکات. چۆن؟ کەم کەس بە قەد زیندانییەکان جگەرەکێشن، جار هەیە زیندانییە جگەرەنەکێشەکانیش لەوێ فێرە جگەرە دەبن، چونکە جگەرە هاوڕێیەکی نزیکی گیانی بە گیانی (تەنیاییە) و کەم شوێنیش بەقەد زیندان، بۆنی تەنیایی لێدێ! کەواتە لە گرتە ڕۆمانسییەکانیش کە تەنیایی حزووری دەبێ، جگەرەکانیش دادەگیرسێندرێن.

... بێحەد جوانە تەنیاییت و گەردەنی نیوە ڕووناکت و

گڕی نارنجی فەندەکی

نێوان لێو و جگەرەکەت و

خەنینەوەی سەفەری شاد.

لەسەر ئەو مێزە دڵشادە

من ئەو شەوە، بوو بووم بە قەڵبەزەی قسە

گەڵاو گوڵی، لاسکە گیایە، بن دەوەنێ و،

جێ ژوانێ و بەردێ نەما

بەچواردەوری جوانیی و ژندا

بە پرژەی ڕۆح تەڕی نەکەم

لەسەر ئەو مێزە ئازادە...[١٤]

بڕوانە ئەم دەقەی سەرەوە ـ لە نێوان ( تەنیاییت و) (جگەرەکەت) تەنیا (گەردەنی نیوە ڕۆناکت) لێکیان جیادەکاتەوە. دەڵێن:(( ئەو کاتە دەزانیت کە تۆ گیرۆدەی خۆشەویستی بوویت، کە هەستت کرد واقیعحاڵەکەت لە خەونەکانت جوانتر و خۆشترە.))[١٥]، شاعیر پتر بە (چاوی خەیاڵ) ەوە جوانییەکان دەبینێ، کەچی شێرکۆ بێکەس، لەم دەقەدا، چونکە عاشقێکی ڕۆمانسییە، بە پێچەوانەوە، بە چاوەکانی، سیما و دیمەنەکانی جوانیی خۆشەویستەکەی دەبینی.

[١٤] ) دیوانی شێرکۆ بێکەس، ب ٥، ل ٥٥٤.

[١٥] ) http://www.goodreads.com/quotes/tag/romance

(ئەلیزەبیس باریت براونینگ Elizabeth Barett Browning) ، دەڵێ:((تۆم خۆش دەوێ، نەك لەبەر ئەوەی کە تۆ بەم شێوەیەی کە هەیت، بەڵکو لەبەر ئەو شێوەییەی کە من هەم، کاتێ تۆم لەگەڵ دەبێ.))[16]. لێرە، کە شاعیر ( ئەوی) لەگدایە، گۆڕاوە، کەسێکی ترە، ڕەفتار و گوفتار جیاواز، چونکە ( ئەو) وای کردوە دەقنووس هەست بەبوونی خۆی بکات. جا یەکێك لە خەسڵەتە جوانەکانی خۆشەویستیش ئەوەیە، کەسێتی بە خاوەنەکانیان دەبەخشێتەوەو باشتر هەست بە بوونی خۆیان دەکەن. جا بڕوانە شاعیر لەبەر خاتری بوونی ئەوە چ حەشر و حەلایەکی ناوەتەوە:

تۆ سەرنجتدا، کە شێرکۆ بێکەس لەم دەقەدا، زۆر جوان بەرانبەر ( جوانییە بێحەددەکان) ڕەفتار دەکات. ئەمە لە چرکەساتی قاڵبوونەوە لە عیشقدا، شتێکی ئاساییە، تەنانەت، لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، لە چەندین دەقدا، شاعیر لە بەر قاپی ماڵی حەبیبەکەی خۆی کردوە بە ( خاکی بەرپێی) بۆچی؟ چونکە وەك ( جێمز بالْدواین James Baldwine)،دەڵێ:((خۆشەویستی هەموو دەمامکەکان ڕادەماڵێ، کە دەترسێین بە بێ ئەوان نەژین و دەشترسێین لەگەڵیاندا بژین.))[17]تێکهەڵکێشی توخمەکانی ڕۆمانسییەت لەم دەقەدا، بە شێوەیەکی دیکە داڕشتراوەتەوە، شاعیر دەڵێ:

من ئەمەوێ پەنا بگرم
ئەو بەباوە ئەبارێت و
دێتە بەرۆك و سینگمەوە.
سنگم خاکی ئەم عەشقەیە.
من جگەرەیەك دادەگیرسێنم
ئەو ئاگرێ لەناو ناخما ئەکاتەوەو
بەماڵەوە ئەمسوتێنێ! [18]

تارمایی پاڕادۆکسێك(Paradox)لەنێو وشەکانی ئەم شیعرەدا هەیە، (بارین و تەڕبوون و کوژانەوە: داگیرسانی جگەرە و بەرپابوونی ئاگری ناخ.) خۆشەویستی ئافرەتێك وەك باران وەسف کراوە، زۆر جار لە وتەی بارانی عیشق، بارانی ئەوین دەبیستین، داگیرساندنی جگەرە لەم شیعرەدا، جۆرێکە لەسرووتی خۆخەریك کردن بەعیشق و خوولانەوە لە جیهانە ناسکەکەی ڕۆمانسیەتدا. پێش هەموو شتێك، ناکرێ (داگیرسانی جگەرەکە بە دەست و پەنجەی شێرکۆ بێکەس، هەمان داگیرساندنە ئاساییەکەی خەڵکی تر بێت، چونکە: ا) داگیرسانی ئەم جگەرەی شاعیر وەك ئەوەیە بەسەر مینێکدا بڕۆیت و لە ژێر پێتدا بتەقێتەوە، واتا دەبێ خەمێك هەبی جگەرەکەی داگیرساندبێ نەك چەخماخ و شقارتە. ب) جگەرە لێرەدا وشەیەکی فەرهەنگی بێ ڕۆح نییە، بەڵگەشمان ئەوەیە ئێستا جگەرە لە نێو قامکەوە بارەگای بۆ ناخی دەروونی شاعیر دەگوازێتەوە و دەیسوتێنی. ج) ئێستاشی لەگەڵدا بێ، نەمانزانی ئەوە شاعیرە جگەرەکە دەسوتێنێ یان جگەرەکەیە ئەو دەسوتێنێ، یان هەردوکیان لە یەك چرکە ساتدا یەکتر دەسوتێنن! سەیر کەن چۆن شاعیر(تیشك) دەخاتە سەر پرۆسەی

[16]) سەرچاوەی پێشوو.

[17]) https://ar.wikipedia.org/wiki/romance

[18]) دیوانی شێرکۆ بێکەس،ب٢، ل. ٢٠٥

داگیرساندنی جگەرەکە، بەوەی پێشتر وێنەیەکی هونەری ڕێگەخۆشکەرمان بۆ نمایش دەکات، تا باشتر لە بەشی دووەمی دەقەکە حاڵی بین.

**٣-سروشت وەك بنەمایەکی تری ڕۆمانسییەت:**

زاراوەی سروشت، بە مانا فراوانەکەی، ئاماژە کردنە بە جیهانی فیزیکی و جیهانی خۆرسکی دەورەبەر و گەردوون کە (٩) توخم لە پێکهاتە گەردووندا دەگرێتەوە: بەرد، تۆپۆگرافیای زەوی، خۆڵ، ئاو، هەوا، ڕووەك مرۆڤ- مرۆڤی کۆن، گیاندارەکان بە هەموو شێوەکانیانەوە. ئەم پێناسەیە دیاردە سروشتییەکانیش دەگرێتەوە، وەکو: با و باران و بەفر و بروسکە و لافاو و گڕکان و زریان و بومەلەرزە و گەردداو...تاد. لە هێندێك پێناسەی تازەشدا، هێندێك کاری دەستکردی مرۆڤ، وەکو هاوینە هەوار و تاوەر و بەنداو و کۆتەڵ و پەیکەر...تاد، دەخرێنە ڕیزبەندی سروشتەوە.

زاراوەی (Nature) کە بە مانای سروشت دەێ، بە ڕەچەڵەك لاتینییە و مانای ( خەسڵەتە بنەڕەتییەکان و سیستمە خۆرسکەکان) هەڵدەگرێ و لە بنچینەدا بە مانای ( لەدایك بوون) هاتووە.  ئێمڕۆ (سروشت) زۆر لق و پۆی لێبۆتەوە و لە ژێر چەندین ناونیشانی زانستیی و ئەدەبیدا دەخوێندرێت.[١٩] شێرکۆ بێکەس وەك شاعیرێکی (موخەزرەم ــ مخچرم) کە لە دوو سەدەدا ژیاوە، خاوەن گەنجینەیەکی زۆر دەوڵەمەندە لە بەرهەمی ئەدەبی، بۆیە هێندێك ناونیشان، ڕووبەرێکی فراون لە بەرهەمەکانیدا دادەپۆشن، بۆ نموونە، سروشت، کە لێکۆڵینەوە و ڕەخنەکاریی زۆر هەڵدەگرێ و کەرەستەی خاوی نووسینی چەندین کتێبە. توێژینەوە، لەم بوارەدا، سەرنجی توێژەر و نووسەر، بۆ چەندین ناونیشانی لاوەکی ڕادەکێشێت، وەك: جوانیی سروشت، وێنە هونەرییەکانی لە سروشتەوە وەرگیران، بەرجەستەکردنی سروشت لە ڕەوانبێژی و جوانناسی و زمانەوانیدا، خوساندنەوەی سروشت و ژیان و ئەدەب لە ناو دەفری هونەردا...تاد.

هونەری جوانیی، لە کۆنەوە ڕاستەوخۆ پەیوەستکراوە، بە جوانی سروشت و جوانی سروشتیش بەردی بناغەی هەموو زانستەکانی ترە، بە  زانستی ماتماتیك و فیزیك و کیمیاشەوە. ئەوە جگە لەو قوتابخانەکانی فەلسەفە لە بواری جوانیی سروشتدا. لە هەموو ئان و زەمانێکدا چەندین هونەرمەند و ئەدیبی مەزن، بە سایەی  کارکردن لەسەر جوانیی سروشتەوە و ناو و شوهرەتیان دەرکردووە.

لە هەڵسەنگاندنی کارکردنی شێرکۆ بێکەس لەسەر سروشت و دیمەنەکانی، چەند خاڵێك هەیە کە دەبێ پتر تیشکیان بخرێتەسەر، وەك: گۆشەی گرتە فۆتۆگرافەکانی وێنە هونەرییەکان، ئەمش ڕادەی وردبینی و دیقەت و هەستیاریی شاعیر نیشاندەدات، لە بینینی ئەو دیمەنانەی یان ئێمە هەر نایانبینین، یان  ئەگەر بشیانبینین بەو ڕەنگ و سێبەرە نییە کە ئەو دەیانبینێ. هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژە تایبەتمەندەکان بە سروشت، یان تەوزیفکردنی وشەی نوێ لە وێنەی هونەریی نوێدا.داهێنانی دەقنووس لە مامەڵەکردنیدا لە گەڵ توخم و پێکهاتە و دیاردەکانی سروشت نیشاندەدات. (واینی کریسا Wayne Chirisa) دەڵێ:((بە دەگمەن ئەو جوانییەی لە سروشتی خۆرسکدا بەرچاو دەکەوێ، لە جوانییە دەستکردەکانی مرۆڤدا دەبینرێت.))[٢٠] ئەمەش

[١٩] ) https://en.wikipedia.org/wiki/Nature

[٢٠] ) https://ar.wikipedia.org/wiki/nature

پێچەوانەی ڕای ئەرستۆیە کەدەڵێ:سروشت ناتەواوە و ئەدەب و هونەر کەم و کوڕییەکانی پڕدەکاتەوە. ئێمە لەگەڵ وتەکەی (ئەرستۆ)ین، ڕاستە سروشت جوان و نەشئەبەخشە، بەڵام کاری هونەریی، چێژ بەخش و ئارایشتکەرە، بۆنموونە (بینینی پشیلەیەك لەکۆڵانێکدا)، (بینینی تابلۆی هەمان پشیلە لەمۆزەخانەیەکدا) یەك وێنەنین، هەڵبەتە سەرنجی وردی مرۆڤ لەڕوانینی لەتابلۆ کێشراوەکە زۆر چێژبەخشترە لەبینینی پشیلە زیندووەکە! جا بە چاو (گرتن) وماڵیکردنی ئەو جوانییانە، ڕۆحی ئەو کەسانە دەوروژێنی کە دەتوانن بیانبین و قەدرزانیان بن. لە دەقێکی کورتدا، شێرکۆ بێکەس، لە وێنەیەکی پڕ جوڵە، جیهانبینی خۆی لە سروشتدا، بە سایەی داگیرساندنی جگەرەیەك، نمایش دەکات و دەڵێ:

جگەرەکەم بۆ دائەگیرسێنێ و
خەیاڵم ئەکا بە تەیر و
تەیر بە شیعر و
شیعریش بەرەو ئاسمانێکی بێ کۆتایی
هەڵئەفڕێنێ.[21]

وێنە هونەریەکە لەسەر ئەم بنەمایە بونیاتنراوە، کە سێ فەزای جیاواز و پێکەوە گرێدراو دەخولقێنێت. کەرەستە خاوەکانی هەر هەموویان لە سروشتەوە وەرگیراون (بە گوێرەی پێناسەکەی سەرەوەی سروشت): بڕوانە (داگیرساندنی جگەرەکە چی پەرپاکرد):

جگەرە ←—— خەیاڵی ئەکات بە تەیر

تـەیر ←—— ئەیکاتە شیعر

شـیعر ←—— هەڵئەفڕێنێ بەرە و ئاسمانێکی کراوەی بێ سنوور

ئەم شیعرە لەسەربنەمای دووبارە بوونەوەی قوچەکی پلەدار (Progressive Pyramidial Repetition) بنیات نراوە. دەتوانین ناوی لێ بنێین شیعری شێوە قوچەکی. ((وشەیەك خۆی دەداتە دەست وشەیەکی تر و دووبارە دەبێتەوە لەتەك وشەیەکی تر. بەم شێوەیە وشە خۆی بە وشەی تر دەسپێرێ))[22]پەیوەندییەکی شاراوە هەیە لە نێوان خەیاڵ و ( جگەرە و بادە)، بۆیە زۆر لە شاعیران جگەرەگێشن و پەنا بۆ مەی دەبەن. لە هەمان کاتیشدا خەیاڵ زۆر ئاوێتەیە بە جوانی سروشت و هەردووکیان تەواوکەری یەکترین، لە هونینەوەی دەقی شیعردا، وشەیەکی سیحری هەیە، کە دەرگا و پەنجەرەی دەقەکە بۆ شاعیر واڵا دەکات و دەبێتە سەرچاوە و کانیلەی بیرۆکەکانی، بەم وشەیە پێدەگوترێت (کلیلە شیعر). لێرەدا، کلیلە شیعرەکە( جگەرەکەیە).دیسان، دەبینین کە شاعیر بۆ خۆی جگەرەکە داناگیرسێنێ،( ئەو) بۆی دائەگیرسێنێ. لە تقووسی جگەرەکێشاندا، ئەو کەسە جگەرە بۆ بەرانبەرەکەی دادەگیرسێنێ کەسی خۆشەویست و ئازیزە. (دەشبێ، بۆ پیاوی گەورە و خاوەن پایە و دەسەڵاتیش دایبگیرسێنن). کەواتە داگیرسێنەری جگەرەکە، چەخماغەی ئەو شیعرەی هەڵگیرساندووە. ڕەنگ بێ گەر کەسێکی ئاسایی بوایا، ئەو دەقە لەدایك نە دەبوو.

---

[21] ) دیوانی شێرکۆ بێکەس، خێراکە مردن وا خەریکە بگات، ٢٠١٣،ل١٨

[22] ) هاوژین صلیوە، بنیاتی وێنەی هوونەری لەشیعری شێرکۆبێکەس دا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٣٨

خوێنەری جگەرەکێش و جگەرەنەکێش، با بزانن، کە شێرکۆ بێکەس، بە هیچ شێوەیەك، جگەرەکێشێکی ئاسایی وەکو، مرۆڤە جگەرەکێشەکانی دیکە نەبووە. جگەرەکێشانی ئەو، کارێکی عەبەسی بوو، قەد هیچ جیاوازی نەبووە لە گەڵ ئەکتەرێکی عەبەسی، کە بۆخۆشی نازانێ بۆ دەبێ ئەو دەورە بگێڕێ! عەبەسییەتەکە هەر لە تامە تفت و تاڵە ناخۆشەکەی جگەرەکە دا نەبووە، بەڵکو لەوە دابووە  کە جگەرەکە، ئەوی کێشاوە و شاعیریش لەزەتی لەو خۆکوشتنە وەرگرتووە، قەت ئەو بۆخۆی  نەبووە دەستی بۆ جگەرە  بردوە، ئەوە جگەرە خۆیەتی، خۆی دادەگیرسێنێ و دێتە نێو لێوەکانییەوە و کە لە نێو دوو قامکەکانیشیدا خۆی مەڵاس دەدا، وەك ئەوە وایە خۆڕێکی بۆ شاعیر بە دیاری هێنا بێ. شیعر و جگەرەکانی هەردوکیان بەیەکەو دەسووتاون، جار هەبووە جگەرەکە شیعرەکەی سووتاندووە و جاریش هەیە شیعرەکە ئەوی سووتاندووە. جگەرە لەسەر جگەرە داگیرسانی ئەو زاتە، بەردەوامیدان و فورمیشکردنی سەعاتی زەمەن بووە. لە دیدی ئەوەوە، ئەو زەمەنەی کە بە کوژانەوەی جگەرەکەی کۆتایی دێ، چونکە مردنی زەمەنی شاعیر، لێرەدا، مردنی پەنجەکانیەتی لە نووسینی شیعر کە، بەبێ جگەرە ڕەقهەڵدەگەڕێن! ئەو هەمیشە خۆزگەی خواستووە، جگەرەکانی تەمەن درێژتر بن و قەت قەت کۆتاییان نەیێت. ئەم وتارەی سەرەوەمان، پەخشان نییە، بەڵگو گوتاری (شێرکۆ بێکەس)ە بە پەخشان، ئەوەتا خۆی هاواردەکات، کە هەرچی ئەو دەینووسێ زادەی دوکەڵی جگەرەکەیەتی:

.... من ناجوڵێم ئەوەی بەتەنها ئەجووڵێ

ئەوەی بە تەنها ئەنووسێ و نووسینەکەی

بە  ( با) ئەچێ،

هەور دووکەڵێ جگەرەیە.[٢٣]

قەڵەم کە دەنووسێ، نووسین دەبێتە بەرهەمی، جگەرە کە دادەگیرسێ، دوکەڵی لێ بەرزدەبێتەوە. شاعیر لێرەدا لە میتافۆرێکی هونەرمەندانە جێگۆڕکێی بەم دوو شتەکردووە، جگەرە ئەنووسێ و نووسینەکەش دوکەڵەکەیەتی. ئەوەی ئەم دەقە دەکات بە شاکار ( با)یە. چۆن؟ دیاردەی (با) کە کارێکی سروشتییە،  بە مرۆڤـ ئەنجام نادرێ، بە دەست ناگیرێ، بە چاو نابینرێ، نازانیت کەی هەڵدەکات و لە کام لاوە دێ، لەهەمان کاتیشدا، ئیحساست پێدەدا و کاریگەری لەسەر ژینگە و ژیانی تۆدا هەیە، (با) نەبێ بەفر و بارانیش نابێ و درەختێش تۆ ناکات و بەرناگرێ!  کەواتە کەس ناتوانی شیعری  شێرکۆ بێکەس بگرێ و لەهەمان کاتیشدا وەکو (با) کاریگەری لەسەر ڕۆح و دەروون و بوونی ئێوە هەیە. جا ئەگەر، دیسان خاڵی(سووتان)ەکە بکووتینەوە، ئەوا دەبێ بڵێین، شیعرەکانی ئەو دەقنووسە زادەی سووتانن: سووتانی خودی خۆی و سووتانی جگەرەکەی. هۆکارەکانی سووتانیش یەکسانن بە ژمارەی خەم و مەراق و حەسرەتەکانی شاعیر!

چونکە شێرکۆ بێکەس، بەهرەدارێکی مەعلان بووە، هەوڵیداوە، پەل بۆ هەموو وشەیەك ببات، هەر کاتێ زانیبێتی ئەو وشەیە دەردی تیماردەکات و دەیگەێنێتە شوێنی مەبەست. بۆیە مەرج نییە (جیهانی جگەرە) هەمیشە، ئامرازی خۆ بەتاڵکردنەوە بێ لە خەم و خەفەتەکان، بەڵکو زۆر جار ڕۆڵی ئارایشتگەر و کەرەستەی میکیاژکردنی بینیوە. چۆن؟ بۆنموونە، بۆ وەسفێکی ناسك و نازداری دیمەنێکی سروشتی ئاوێتەکراو بە واقیع و ڕووداوێك، جگەرەی کردۆتە کەرستەی خاوی ئەو ڕەنگرێژییە. چونکە شاعیر بۆخۆی عەیامێك، لە جەنگەڵ و

[٢٣]) دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠١٣، ل.  ٢٣.

ناوچە شاخاوییە عاسێ و سەختەکانی کوردستان، وەك پێشمەرگە، ژیاوە، زۆر ئەزموونی شاخ و داخ و کوێستانی لە زەینی خۆیدا کۆ کردۆتەوە و دواتر لە دەقەکانیدا تەوزیفی شیعریی کردوون. بڕوانە چۆن وەسفی تەمێك دەکات کە تەنیا گۆشەیەکی شاخی داگرتووە و لەوێدا، دارقەزوان بەکەسکراوە و جگەرەدەکێشێ و دوکەڵەکەی بۆتە ئەو تەمە. بەڵام کەی؟ لە بەرەبەیانی زوو. کەواتە جگەرەکێشانەکە پێش نانخواردنی بەیانییە. جگەرە کێشان بە نەخورێنی، نیشانەی ئەوپەڕیی (بەد جگەرەکیشییە). مەی خواردنەوە پێش نانی بەیانی، نیشانەی پۆپەی بەد مەستییە. بەهەمان شێوەش جگەرەکێشان پێش نانی بەیانی، یان فتارکردنەوە، لە کاتی بە ڕۆژووبوون، بە جگەرە، ئەوپەڕی بەد جگەرەکیشییە. نازانین کە شاعیر خۆی ئەو نەریتەی هەبووە یان نا، بەڵام، وەك ئەزموون، زانیاری هەبووە. لەلایەکی تر، چونکە شاعیر دەیەوێ، دیمەنێکی خەمبار و خەمۆکی نمایش بکات، ئەم دەستەواژانەی بەکارهیناوە:( تەمی چڕدا، دار قەزوانێکی زۆر تەمەڵ، جگەرەی قامیش، پیرە بەردی قەوزە گرتوو، قەلەڕەش) کە بە هەموویان ڕەنگەکانی تابلۆ نیگەرانییەکە دەنەخشێنن:

ئەمە دەقەکەیە:

...لە پەڵەیەك تەمی چڕدا دار قەزوانێکی زۆر تەمەڵ.

بە نەخورێنی یەکەم جگەرەی قامیشی ئەو بەیانییەی ئەکێشا.

پیرە بەردی قەوزە گرتوو.

قەلەڕەشێکی خستبووە سەر پشتی خۆی.[٢٤]

شاعیر، دار قەزوانی وەك مرۆڤێك داناوە، کە جگەرە کێشەکەیە، ئەو تەم و مژەی کە بەوبەیانییە زووە بەرپا بووە، ئەوە داویەتییە پاڵ دارەکە کە جگەرەی کێشاوە، لەولاشەوە وێنەیەکی جوان پیشان دەدات، کە لە دوو ڕەنگ پێکهاتووە (ڕەش و سەوز)، بەردێکی قەوزە گرتوو کە قەلە ڕەشێك بەسەری نیشتۆتەوە، هەڵبەتە دروست بوونی تەم و مژ زیاتر لەبەیانیانە، بەتایبەتی بەیانی بەهاران، چونکە زەوی شێدارە و لەئەنجامی هەڵسانی هەڵمێکی زۆر لەزەوییەوە، تاو و تینی هەتاویش لەوبەیانییە زووەدا زۆر نییە تاوەکو بەخێرای هەڵمەکە بەرز بکاتەوە، بۆیە تاوەکو تین و گڕی هەتاو بەز دەبێتەوە تەمە چڕەکەش باشتر بەرز دەبێتەوە، خۆ گەر ئەو ڕۆژە (کەوە ڕۆژ بێت)، واتا هەتاو بەدەر نەکەوێت و لەژێر هەورو هیران دابێت، تاوتینی نەگاتە زەوی ئەوا ئەوڕۆژە تادرەنگان تەم دەبێ. شاعیر کۆمەڵێ لێکچواندی دروست کردووە، لەڕێی هونەری (جوانی بایس) شیعرەکەی خستۆتە ڕوو.

با نموونەیەك، لەو دەقانە، شی بکەینەوە، کە سروشتەکەی، پێکهاتەیەکی دەستکردی مرۆڤە، لە پێناسەی تازەی (سروشت)دا، هێندێ شتی دەستکردی مرۆڤیشی خراوەتە سەر، وەك پەیکەر و تاوەری بەرز و باڵەخانە و...تاد. لێرەدا شتە دەستکردەکە ( قووبەی گەورەی کڵێسایە)کە، شاعیر دەڵێ:

لە ناو سەبەتەکەیدا..

وەك کەروێشکێ لەناو سەبەتەیەکی بچووکدا..

لەوێ ئەچمە سەر بالقۆنێکی تەنگەبەر

دائەنیشم و لەناو کورسییەکی قوڵدا نقوم ئەبم

---

[٢٤] ) دیوانی شێرکۆ بێکەس، ب ٣٣ ، ل. ٦

بەدەم بیرێکی پەرتەوە
پـەرت پـەرت وەکو
ئەلقەی دووکەڵی جگەرەم
ئەڕوانمـە دوور:
قوبەی گەورەی کڵێسـەیەك
بووە بەشـەپقەی دارستان
پۆلە تەیرێ ئەچنە سـەر قەراغی شـەپقە ئەنیشنەوە
لەپڕێکدا لەگەڵ وڕەی دارسـتاندا
هەڵئەفڕنەوە..جیائەبنەوە
جووت جووت یەکتر ئەگرنەوە!
لەناو کورسـییەکی قوڵدام
لەنـاو وڵاتێـکی قوڵدام
لەناو خەیاڵێکی قوڵدام...[٢٥]

لەم دەقەدا، شاعیر لە شارێکی ئەوروپا، لە سەر کورسییەك بەرانبەر کڵێسایەك دانیشتوە و خەیاڵی هەر بە شیعر و شیعر نووسیینەوە، خەریکە بۆ وڵاتێکی دوورەدەستی پڕ خەم و کارەساتی خۆی. خاڵە جوانەکەی داهێنان، لەم دەقەدا دوو شتە: گرێدانی دیمەنەکانی ناو شار بەم سروشتە مەزنەکەی ناو خەیاڵی شاعیر. نغرۆبوونی شاعیر لەم خەیاڵەدا، کە ناڕاستەوخۆ پەیوەستە بە خەمەکانی کوردستان. تەوزیفکردنی جگەرە لێرەدا (ئەلقەی دوکەڵی جگەرەیە)، کە ئەوانیش ڕەمز و دەلالەتی خۆیان هەیە، لە پەرش و بڵاوی و تەمەن کورتیی و کرانەوە و داخران و بەرز بوونە و و کاڵبوونەوە و بڵاوبوونیان لە هەوادا. کە هەموویان یەکسانن بە خەیاڵی شاعیر لە پەرش و بڵاوی و تەمەن کورتیی و کرانەوە و داخران و بەرز بوونەوە و کاڵبوونەوەو بڵاوبوونیان لەم وڵاتە دوورەدا. ئەو وشانەی پێوەندار و تێکئالاون لە نێوان و (شار و سروشت) لەم دەقەدا، بریتین لە:

(کەروێشك، سەبەتە، باڵکۆن، کورسی، دووکەڵی جگەرە، قوبەی گەورەی کڵێسا، دارستان، وڕەی دارستان، پۆلە تەیر، هەڵفڕین، وڵاتی قوڵ، خەیاڵی قوڵ). بەکارهێنانی ئاوەڵناوی (قوڵ) سێ جار لەدوای یەکتری، وەك کۆتا گەڕانەوەی (Anadiplosis Repetition) وەك سەروا و واتا، [٢٦]مانای ئەوەیە کە شاعیر یەکجار پەرێشانەو زۆر زۆر ماندووە. گەڕانەوەی (دوبارەکردنەوەی) دەستەواژە و وشە لە شیعری هاوچەرخدا، سیستمێکی تایبەت بەڕێوەیدەبات، خۆی لەناو کۆمەڵێك هونەر و وەستاکاریی ڕەوانبێژیدا دەبینێتەوە، کە سەرچاوەکەی لە ناخ و قوڵایی ئەزموونەدا سەرهەڵدەدات.

تەزیفکردنی (ئەلقەی دووکەڵی جگەرە) لێرەدا، ئەم گوتەیە پشتڕاست دەکاتەوە، کە شاعیری بەدەسەڵات دەتوانێ، گەردیلەیەکیش بهۆنێتەوە. بۆیە شاعیری ڕیالیزمی فەرەنسی ( گوستاڤ فلۆبێرت Gustave

[٢٥] ) دیوانی شێرکۆ بێکەس، ب ٥، ل.٥٦٢
[٢٦] ) فازیل شەورۆ، هونەری بۆنیاتگەریی زیاندنی شیعریی، گۆڤاری گەلاوێژ. ژمارە ٦. ٢٠١٥. ل. ١٠٨)

(١٨٢١ – ١٨٨٦) Flaubert دەڵێ:(( هیچ گەردیلەیەکی ئەم گەردوون و ژیانە نییە، شیعریەتی تێدا نەبێ.)).[٢٧]
شاعیر لە دەقە شیعرێکی تری سەر بە جیهانی جگەرە، دەڵێ:

..باران بەشانی شنروێ
لەسێدەرییەکەی خۆیەوە دێتە دەرێ و
لەبەردەمی کەوێڵێکی داوێن تەڕی
سنگ و بەرۆك داچەقاودا
ساتەوەختێ ڕائەوەستێ و
لەبالآی گریانی کوردو
لەبالآی خوا ڕائەمێنێ و ئەوسا ئیتر دائەنەوێ و
دەست ئەبات و سیگاری تەمومژێکی باریکەلە
لەناو قولآیی دۆڵەوە هەڵئەگرێت و
بە بەردە ئەستێی دووگەلیی ئەمبەر ئەوبەر
سیگاری دائەگیرسێنێ و
مژ لەدوای مژ
ڕەوەز ڕەوەز و دەشت بەدەشت
خەمی درێژی ئەکێشێ...
لەپاش قەیرێ نزم نزم
بە هەورازی هۆرەیەکدا سەربەرەو خوار دائەگەڕێ.[٢٨]

شاعیر گەڕاوەتەوە بۆکلتوور و باسی سەرەتای چۆنیەتی ئاگر پەیداکردنی کردووە، بەرلەوەی شقارتەو چەرخ هەبێ، بە بەرد و ئەستێ ئاگریان کردۆتەوە. بۆ بەباکردنی خەمەکانی لێرەدا بەکار هێنەوەتەوە. سوودی لە سروشت وەرگرتووە، کاتێ تەم و مژ دۆڵ و دامێن کێوەکان قاو دەدات، شاعیر ئەوە بە جگەرە دەچوێنێ، کەلە ڕێی ئەم جگەرەوە خەم و ئازار بەبا دەکات. لە گوتەی (مژ لەدوای مژ)دا باری دەروونی شاعیر پیشان دەدات، دواتریش ئەو هەموو مژە زۆرە پەیوەست دەکاتەوە بەخەم، ڕێژەی خەمەکەش گەلێ زۆرە، ئێمە لەوشەی فەرهەنگی (خەم) هەم هەموو ئەو مانایانە نادۆزینەوە، بەڵکو لە پەیوەست کردنی (مژ لەدوای مژ) هەستی پێدەکەین. کەواتە هاوکێشەکە بەم شێوەیە وێنادەکرێ و هەستی پێدەکەین:

*دەروونێك سیخناخ بە خەم ←→ سینەیەك ئالودە بە دوکەڵ ←→ مژ لەدوای مژ وەك ترومپایەك بۆ بەتاڵکردنەوەی خەمەکان ←→ کێشانی خەمە زۆر و درێژەکانی شاعیر.*

( سیگار و بەرد و بەردە ئەستێ) ئاماژەن بۆ دێرینی مێژووی ئەم دەڤەرە، وەك بڵێیت کاروانی شاعیر لە سەدەکانی کۆندا بەرێکەوتووە تازە دەگاتە جێ، ئەمەش دەوڵەمەندی فەرهەنگی شاعیر نیشان دەدات.

[٢٧] ) فازیل شەوڕۆ، تەلەسمەکانی مەزاری مامزان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٢٣ ل.٧٤
[٢٨] ) دیوانی شێرکۆ بێکەس، ب ٦، ل. ١٣٩

## ئەنجام:

١. شاعیر جگەرە و کەرەستەکانی تایبەتمەوند نەکردووە بە یەك ڕشتەی شیعری سەربەخۆ، بۆ نموونە تەنیا بۆ بابەتی دڵداری و ڕۆمانسییەت بێ، بەڵکو لە زۆربەی بوارەکانی شیعریی ئەودا، ڕەنگیداداوەتەوە. بەڵام ئێمە ئەو تەوەرەیەمان هەڵبژاردووە.

٢. مامەڵەکردنی شێرکۆ بێکەس  لەگەڵ جگەرە، ئەو پەڕیی صدق و ڕاستگۆیی تێدایە، هەموو بیرۆکە و وێنە هونەرییەکان زادەی هزر و ئەندیشە و ئەزموونی خودی ژیانی خۆیەتی و بۆ یەك جاریش لە زاری کەسانی دیکەوە باسی ئەزموونی جگەری نەکردووە.

٣. لایەنی سۆزو دڵداری و سروشت ئاوێتەی دوکەڵی جگەرەکانی کردووە، هەوڵی داوە لەو جگەرە بچووکە کە بەقەد قامکە تووتەی دەستی مرۆڤە شیعریەت بخوڵقێنێ.

٤. ئەوبابەتە دێتەوە نێو لایەنی دەروونی شاعیر، جگەرە بەتەنها کەرەستەیەکی بێگیان نییە، بەڵکو هۆکاری دەربڕین و خستنە ڕووی ئازارو سۆزو هەستەکانی شاعیرە بەرامبەر بەژیان.

## سەرچاوەكان:

أ-سەرچاوەی كوردی:

یەكەم:كتێب:

[١] ) ديوانی شێركۆ بێكەس، ب ٢، ٥ ، ٦، ٧، ٨، سويد،٢٠٠٩

[٢] ) هاوژين صليوه، بنياتی وێنەی هوونەری لەشيعری شێركۆبێكەس دا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩

[٣]) ديوانی شێركۆ بێكەس، خێراكە مردن خەريكە بگات،چاپخانەی گارۆ،٢٠١٣

دووەم:گۆڤار

[١]) فازيل شەوڕۆ، هونەری بۆنياتگەريی زاياندنی شيعريی، گۆڤاری گەلاوێژ. ژمارە ٦. 2015

[٢]) فازيل شەوڕۆ، تەلەسمەكانی مەزاری مامزان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٢٣ ،٢٠١٦

ب-سەرچاوەی ئينگليزی:

[١] ) https://ar.wikipedia.org/wiki/romance quotes. (

[٢] )https://ar.wikipedia.org/wiki/romance quotes.

[٣] https://ar.wikipedia.org/wiki/romance

[٤] ) http://www.goodreads.com/quotes/tag/romance (

[٥] ) http://www.goodreads.com/quotes/tag/romance (

[٦] ) https://ar.wikipedia.org/wiki/romance (

[٧] ) https://en.wikipedia.org/wiki/Nature (

[٨]) https://ar.wikipedia.org/wiki/nature (

## ((جگەرەو ڕۆمانسیەت لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا))

شێرکۆ بێکەس خاوەن ئەزموونێکی قوڵ بوو لە نووسین سوودی لەزۆربەی کەل و پەلەکانی دەورو بەری و بابەتەکانی سروشت وەرگرتووە و شیعریەتی پێبەخشیون، جگەرەش تێکەڵی ناخ و هەست و سۆزی ببوو بەزۆر ڕوو ڕەنگی دابووەوزە لەلای بەتایبەتی لایەنی خەیاڵی ڕۆمانسییەت و جوانی، لەبەر ئەوەی خۆی جگەرە کێش بوو، بەتەجروبە شتەکانی بەرجەستەکردووەو لە نێو ئەزموونە شیعرییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، لای شاعیرانی تری کورد کەمتر ڕەنگی داوەتەوە، ئەوە بۆئەوبارە سایکۆلۆجییەی شێرکۆ بێکەس دەگەڕێتەوە کە لە هەرزەکارییەوە هۆگری جگەرە بووەو زیاتر لەم بابەتە قوڵ بۆتەوە.

## ((السكاير والرومانسية في أشعار شيركو بيكس))

كانت السيكارة الصديق الدائم لشيركوبيكس، بحيث كان يدخن اَلكثير منها في اليوم الواحد، لهذا نرى في اشعاره يشيركثيرا الها. ولكن في هذه الاشعار التي أخترناها سوف نتحدث عن الطبيعة والمراَه ونأتي في موضوع الرومانسية وسبب أختيارنا لهذ الموضوع لانه لم يتطرق احد اليه سابقاً.

وقسمنا البحث الى محورين:المحور لاول: التعريف ومفهوم الرومانسية. المحور الثاني:السيكارة والرومانسية. نقوم بتحليل الشعر.حيث يربط الشاعر السيكارة والحب معا. السيكارة والطبيعة بحيث يتداخل دخان السيكارة مع الطبيعة .

## ((Cigarettes and romance in the poetry of Shirko Bekos))

Cigarette was the intimate friend of Shirko Bekos. He used to smoke heavily. This is why he continuously refers to it in his poetry. The poetry we chose for this study refers also to nature and women which are part of the romance. The reason why we refer to these subjects is because they were never talked before.

The study is divided into two sections:

Section one is a definition of romance. Section two is romance and cigarette: we analyze the cigarette and romance together. The poet always connects the cigarette and love together. Also he connects the cigarette with nature, where smoke is interrelated with nature.